# به ریزی ملیۆنی به کۆنگرەی ئازادی عیراقەوە پەیوەستبن

# بنکەکانی گەڕەك‌و لقەکانی کۆنگره له شارو گەڕەکەکان بکەنەوەو له دەوری چەکداربن‌و ئەمنیەتی خۆتان به دەستی خۆتان بپارێزن!

## گفتوگۆی رۆژنامەی (الاخبار) لەگەڵ رێبوار ئەحمەد لیدەری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق دەربارەی هەل‌ومەرجی سیاسی ئەمڕۆی عێراق

**رۆژنامەی (الاخبار): بۆچوون‌و هەڵوێستی ئێوه لەسەر پرۆسەی سیاسی ئەمڕۆی عێراق چییه؟**

رێبوار ئەحمەد: ئەوەی ئیستا له عیراقدا دەگوزەریت، سەرباری ئەو جەنگ‌و داگیرکاری‌و تیرۆریزمەی که له سێ سالی رابردوودا ئەم کۆمەلگایەی نابوت‌و ویران کرد، قۆناغیکه له شەری ناوخۆ. ئیمه پیشتر ئەمەمان چاوەروان کردوەو هۆشداریمان داوه لەم بارەیەوە. له رۆژی یەکەمی دەسپیکردنی ئەم سیناریۆیەوە ووتمان ئەم رەوەنده کۆمەلگای عیراق نوقمی کارەسات دەکات. که حکومەتی تالەبانی_ جەعفەری راگەیەنرا ووتمان ئەم حکومەته لەسەر بورکانی ئاگر دانراوه، کاتیك گالتەجاری هەلبژاردنیان بەریخست، ووتمان ئەمه سیناریۆی بەرپاکردن‌و پیکدادانی میلیشیا قەومی‌و دینیەکان دەکاته ئەمری واقع. ئەمرۆ ئیمه ئەنجامی عەمەلی ئەو پرۆسەیەو ئەو پیشبینیانه به شیوەی جەنگی ناوخۆ دەبینین.

ئەمریکاو ئەو هیزه قەومی‌و دینیانەی له چوارچیوەی سیاسەتی ئەودا دەسورینەوە، ئینکاری له بەرپابونی جەنگی ناوخۆ دەکەن، بۆ ئەوەی پەرده بەسەر ئاکامی سیاسەت‌و کارکرده چەپەلەکانی خۆیاندا بدەن. بەلام به بروای من جەنگی ناوخۆ لەورۆژەوه واقعیەتی پەیداکردوه که لاشەی بێگیان‌و بێناونیشانی خەلکانیکی بیتاوان له گۆشەو کەناری شارەکان دەدۆزرینەوه که به تاوانی شیعه بوون یان سونی بوون کوژراون. ئەم شەره وەکو هەموو شەره ناوخۆییەکانی دیکه راستەوخۆ لەلایەن هیزه تائیفیەکانەوه پیلانی بۆ داریژراوەو به فیت‌و هاندان‌و دەستپیشخەری ئەوان سازکراوه، بەلام سەرئەنجام قوربانیەکانی هەر خەلکی بیتاوان‌و بێدیفاعه. ئەوانەی که ئیستا لەلایەن ئەمریکاوه وەکو قونتەرات دەسەلات‌و نان‌و ئاوو چارەنوسی خەلکی عیراقیان پیسپیردراوەو ناویان نراوه حکومەت، خۆیان ئەم شەره بەریوەدەبەن‌و تیمەکانی مەرگ (فرق الموت) که هەررۆژەی دەیان کەس لەسەر ئەو ناسنامه ساخته تائیفیەی بەسەریاندا دابراوه دەکوژن، چەکداری دام‌و دەزگاکانی ئەم بەناو حکومەتەن.

هیشتا ئەم جەنگه له قۆناغی سەرەتایدایه، بەلام سیاسەتەکانی ئەمریکاو دەورو کاکردی هیزه قەومی‌و تائیفیەکان به توندی به باری قولکردنەوەیدا پالی پیوه دەنین، هەل‌ومەرجی سیاسی ناوچەکەو به تایبەتی هەرەشەی جەنگی ئەمریکا له دژی ئیران‌و هەولی عیراقیزەکردنی ئیران ئەبعادی خەتەرناکی جەنگی ناوخۆی عیراق فراوانتر دەکاتەوه. هاوکات ترسی ئەوه له ئارادایه که ئەم جەنگه ناوخۆییه به شیوەی جەنگی قەومیش له ناوچەکانی دیکەدا سەرهەلبدات. بەبروای من فاکتەریکی بەهیز که تا ئیستا له دژی ئەم جەنگه دەور دەگیریت، مەدەنیەتی کۆمەلگاو خەلکی عیراقه، سەرباری ئەوەی به زۆر ئەم خەلکه لەسەر بناغەی قەوم‌و عەشیرەت‌و تائیفه دەستەبەندی‌و تەقسیم بەندی دەکەن، سەرباری ئەوەی دەستورو دەسەلات‌و سیاسەتی دینی‌و تائیفەگەری‌و قەومپەرستانه بەسەر خەلك‌و کۆمەلگادا فەرز دەکەن، بەلام هیشتا نەیانتوانیوه مقاوەمەتی ئەم کۆمەلگایه بەرامبەر جەنگی ناوخۆو دژی نقوم کردنی له کارەساتی جەنگی ناوخۆدا تێکبشکینن‌و له ئاستی فراواندا جەماوەری بۆ کیش بکەن.

**رۆژنامەی (الاخبار): حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق چۆن دەڕوانێته هۆکارەکانی سەنگەربەندی تائیفی‌و، ئاکامەکانی لەسەر عێراق؟**

رێبوار ئەحمەد: ئەم وەزعیەته ئەنجام‌و ئاکامی راستەوخۆی جەنگ‌و سیاسەتەکانی ئەمریکاو داگیرکردنی عیراق‌و دەرگاکرانەوەیه بەرووی هیزه میلیشیاییه قەومی‌و دینیەکاندا. کاتیك به ناوی (پرۆسەی ئازادکردنی عیراقەوه) نەخشەی بەرپاکردنی جەنگ له دژی عیراق داریژرا له پیناو بەرژەوەندیه جیهانی‌و ناوچەییه کۆنەپەرستانەکانی ئەمریکادا، هەر له چوارچیوەی ئەم نەخشه کۆنەپەرستانەیەدا دەورو جیگاوریگای هیزه میلیشیاییه قەومی‌و دینیەکانیش دیاریکرا. له مانگی دیسەمبەری 2002دا بوو که له لەندەن کۆنگرەی ئەم هیزانه بەسەرپەرشتی ئەمریکاو بەریتانیا بەرپاکرا بۆ لایەنگری له جەنگ‌و داگیرکاری‌و هاوکات دابەشکردن‌و دەستبەندی کردنی خەلکی عیراق بەپێی ناسنامەی ساختەو پوچی قەومی‌و دینی‌و عەشایەری. ئەو کۆنگرەیه نەخشەی سەرەتایی بەرپاکردنی ئەم سیناریۆ رەشەو ئەم جەنگه ناوخۆییه بوو.

له کۆمەلگایەکی وەکو ئەمریکادا دەیان (قەومیات)و پیرەوانی دیانەته جۆراوجۆرەکان‌و خەلکانی بێدین دەژین، بەبێ ئەوەی ناسنامەی قەومی‌و دینی هیچ کەس جیگایەکی هەبیت له دیاریکردنی مافی هاولاتیاندا، بەلام دەستەی فەرمانرەوای ئەمریکا کاتیك له پیناو بەرژەوەندیه کۆنەپەرستانەکانی خۆیدا

کۆمەلگای عیراق داگیردەکات، بە مەبەستی زەمینە سازی بۆ بردنەپێشی سیاسەتەکانی خۆی، هیچ پێناسەیەکی هاولاتی بوون بۆ هاولاتیانی عیراق بەرەسمی ناناسیت‌و بەوینەی ئەفرادی سەربە قەومیات‌و تائیفەو عەشیرەت دەیانناسینێت‌و لەسەر ئەم بناغەیەش باس لە مافەکانیان دەکات. هێزە قەومی‌و دینیەکانیش هەریەکەیان خۆیان وەکو نوینەری یەکێك لەم پێکهاتە دەستکردانە دەناسێنن‌و میلیشیایەکی چەکدار دەخەنە پشتی ئەم ناسنامە ساختانەوەو ئەمە دەکەن بە بنەمای بردنی بەشی خۆیان لە دەسەلات.

هاوکات ئەم هەلومەرجە بواری کردوەتەوە بۆ دەخالەتی دەولەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە بە تایبەتی جمهوری ئیسلامی کە بە شێوەیەکی فراوان‌و ڕاستەوخۆ دەست لەم وەزعیەتە وەردەدات‌و فاکتەریکی بەهێزە لە پشتی هەلگیرساندنی جەنگی ناوخۆو تیرۆریزم‌و تاوانکاریەکی بەربلاو کە لە عیراقدا بەرپابووە.

لە سایەی ئەم هەلومەرجەو ئەم ناسنامەو دەستەبەندیە دەسکردانەدا کە بەسەر کۆمەلگاو هاولاتیاندا فەرزدەکرێت، هەروەها دەیان هێزو دەستەوتاقمی چەکداری قەومی‌و دینی‌و عەشیرەتی بەرەلای گیانی خەلك دەکرێن‌و دەسەلاتیان پێدەسپێردرێت‌و دەرگاکان بەرووی دەخالەتی بەربلاوی دەولەتانی ناوچەکە دەکرێتەوە، زەمینە بۆ جەنگی ناوخۆ ڕەخسێنراوەو بە هەموو شێوەیەك هانی هاولاتیان دەدەن بۆ ئەوەی خەلکانی سەر بە هەر تائیفەو قەوم‌و عەشیرەتێك، ئەوانی تر بە دوژمنی خۆیان بزانن‌و کوشتاریان بکەن، گوایە بەم جۆرە دەتوانن بەشی زیاترو مافی زیاتر بۆ خۆیان‌و قەم‌و تائیفەکەیان بەدەست بهێنن. ئێستا هیچ دامەزراوو نەخشەو هەنگاویکی ئەمریکاو ئەو هێزانە نیە کە ئەم مۆرەی پیوە نەبیت‌و بنەمایەکی قەومی یان تائیفی نەبیت. هیچ پۆستێکی دامەزراوەو دام‌و دەزگاکانیان نیە ئارمی قەوم‌و تائیفەیەکی پیوە نەچەسپێنرابیت. شەروکیشەی کۆنەپەرستانەی تائیفی ئاکام‌و ئەنجامی ئەمەیە. بەبڕوای من سەرجەم حەلقەکانی سیناریۆی ئەمریکاو ئەم هێزانە، لە دامەزراندنی مجلسی حوکمەوە تا حکومەتی کاتی، لە هەلبژاردنە گالتەجاریەکانیانەوە تا ریفراندۆم بۆ دەستوری فاشیانەیان، لە پێکهاتەی ئەنجومەنەکانیانەوە تا وەزارەتخانەو دام‌ودەزگا جۆراوجۆرەکانیان، لە دەمەقالەو بینەوبەرەکانیانەوە تا سات‌وسەوداو نمایشە ریاکارانەکانیان، سەرجەم بریتین لە شیوە جیاجیاکانی جەنگ‌و کیشمەکیشی قەومی‌و تائیفی‌و ڕۆبردنی کۆمەلگا بۆ ناو جەنگی ناوخۆ.

**ڕۆژنامەی (الاخبار): لەبەر ڕۆشنایی دەستێوەردانە دەولی‌و ناوچەییەکان، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق ئایندەی سیاسی عێراق چۆن دەبینێت؟**

ڕێبوار ئەحمەد: پیشتر باسی ئەوەم کرد کە لە بنەرەتدا ئەم وەزعیەتە کارەساتبارە، بەرئەنجامی دەخالەتی ئەو هێزانەیە، ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەلایەك‌و لەلایەکی ترەوە دەولەتانی ناوچەکە بە گشتی‌و جمهوری ئیسلامی ئێران بەتایبەتی. دەخالەتی ئەم هێزانە فاکتەری سەرەکیە بۆ توانا بەخشین‌و هاندان‌و پرچەککردنی هێزە قەومی‌و دینیەکانی عیراق بۆ قولکردنەوەی کارەساتەکانی ئێستاو ڕاپەراندنی پیلانی جەنگی ناوخۆ. هیچ گومانیش لەوەدا نیە کە دریژەی دەخالەتی ئەم هێزانە لە عیراقدا نەك هەر مایەی دریژەکیشانی ئەم وەزعەیە بەلکو مایەی قولکردنەوەی ڕۆژ لەرۆژ زیاتری ئەم وەزعەیە. هاوکات دریژەکیشانی داگیرکاری بەردەوام زەمینەکانی پەرەسەندنی تیرۆریزم‌و جەنگی تیرۆریستی‌و بەهیزکردنی ئیرهابی ئیسلامی وەکو عاملیکی ئەصلی خولقاندنی ئەم وەزعیەتە خۆشتر دەکات.

لەلایەکی ترەوە ئەلقەکانی ڕەوەندی سیاسی 3 سالی ڕابردوی عیراق لە چوارچیوەی سیاسەتی ئەمریکادا، ئیستا هەلومەرجەکەی بە جیگایەك گەیاندوەو ئەزمەکەی تا ئەو ڕادەیە قولکردوەتەوە کە زۆر زەحمەتە ئەو هیزانەی کە لە نیو شەپۆلی سیاسەتەکانی ئەمریکادا مەلە دەکەن، بتوانن تەنانەت لەسەر شکلدان بە حکومەتیکی نیمچەپایەدار پیکبین، نەك هەر ئەمە بەلکو پیکهاتنە شکلیەکانی پیشوشیان دوچاری کۆسپی جدی بوەتەوە. دوای زیاتر لە 3 مانگ تیپەربوون بەسەر گالتەجاری هەلبژاردندا، تا ئیستا دەمەقالیەکانیان لەسەر پیکهینانی حکومەتیك کە معلوم نیە خۆی 3 مانگ دەوام دەهینیێ یان نا، لە گەرمەی خۆیدایەو بە هیچ جیگایەك نەگەیشتوون. بەم مانایە لە چوارچیوەی ئەم پرۆسەیەدا دەسەلاتی سیاسی بە ئاسانی‌و لە کورتماوەدا یەکلانابیتەوەو تەنانەت پیکهاتنیان لەسەر حکومەتیکی شکلی‌و لەرزۆك کە ببیتە چەتریك بۆ دەسەلاتی ناوچەیی میلیشیا جیاجیاکان، زۆر سەخت بوەتەوە. لە سایەی ئەم وەزعەدا شەری تیرۆریستی‌و تیرۆریزم بەردەوام ڕووی لە پەرەسەندنەو ئاسۆیەك بۆ خاوبونەوەو کۆتایهاتنی بەدیناکریت.

کۆتایهینان بەم هەلومەرج‌و سیناریۆ ڕەشە بە تەواوی کەوتوەتە گرەوی کردنەدەرەوەی هیزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی هەروەها دەسکۆتاکردنی هیزە قەومی‌و دینەکان‌و بەرپاکردنی حکومەتیکی غەیرە قەومی‌و غەیرە دینیەوە. ئەم پرۆسەیەش تەنها دەتوانی کاری بزووتنەوەیەکی سیاسی جەماوەری سەرتاسەری‌و هەمەگیربیت لە دەوری پلاتفۆرمیکی سیاسی کە هاوکات لەگەل دەسکۆتاکردنی ئەم هیزانە وەلامی فەوری بە کیشەو گرفتە سەرەکیەکانی ئیستای ئەم کۆمەلگایە بداتەوە. کۆنگرەی ئازادی عیراق‌و مەنشورەکەی بەدیلی ئەم وەزعەو چوارچیوەیەکی گونجاوو کارسازە بۆ بەریخستن‌و سازدانی ئەو بزووتنەوە جەماوەریە.

ئەمرۆش لە کاتیکدا کە گرفتی ئەمنیەت سەرتاپای کۆمەلگای داگرتووەو هەرەشەی شەری تائیفی‌و قەومی سیبەری ڕەشی خستوەتە سەر هەموو مالیك، وەلامدانەوە بەم گرفتەو هەنگاوی عەمەلی بۆ دابینکردنی ئەمنیەت هەنگاوی سەرەتایی‌و عەمەلیە بۆ بەریخستنی ئەم بزووتنەوەیە. کۆنگرەی ئازادی عیراق ئەوەی کردووە بە کاری سەرەکی خۆی کە هیزی جەماوەری چەکدار لە دەوری بنکەکانی گەرەك سازبدات بۆ بەرگری لە ئەمنیەت‌و سەرومالی خۆیان. من ئەمە

به هەنگاوو کاریکی زۆر عەزیمو ریگایەکی گونجاو بۆ رووبەرووبونەوەی ئەم وەزعە دەزانم. پیم وایە دەبێ جەماوەری خەلکی ستەمدیدە بە ریزی ملیونی بە کۆنگرەی ئازادی عیراقەوە پەیوەستبن، لە دەوری رابەری کۆنگرە بنکەکانی گەرەك بکەنەوەو لقەکانی کۆنگرە لە هەموو شارو گەرەکیك دابمەزرینن‌و لە چوارچیوەی نەخشەی کۆنگرەدا خۆیان چەکدارو سازبدەن، ئیدارەی گەرەك‌و کاروبارو چارەنوسی خۆیان بەدەستەوە بگرن، ئەمنیەتی خۆیان بە دەستی خۆیان بپارێزن‌و ریگە بە دەخالەتی هیچ میلیشیاو هیزیك نەدەن پێ‌بخاتە گەرەکەکانیانەوەو جیگای ژیانی خویان لە مەیدانی جەنگی تیرۆریستی‌و شەری مالویرانکەری تائیفی‌و قەومی دوربخەنەوە.